*Journal of Kurdish Literature*
**Autumn and Winter 2024**
**Vol. X, No. 2, Series 18**

*پژوهشنامه ادبیات کردی*
**پاییز و زمستان ۱۴۰۳**
**سال ۱۰، شمارۀ ۲، پیاپی ۱۸**

# کورد و فەلسەفە: ئاوڕێک لە پێوەندیی نێوان فەلسەفە و ئەدەب لە ڕوانگەی عەلائەدین سەجادی‌یەوە

**عەبدوڵڵا ئەمینی[1]**

**(وتاری توێژینەوەیی)**

کاتی وەرگری: ٢ی گەلاوێژی ١٤٠٣، کاتی پەژیران: ٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٣، لل. ١٧٣-١٥١

DOI: 10.22034/JOKL.2024.141789.1386

**کورتە**

عەلائەدین سەجادی لە *مێژووی ئەدەبی کوردی*دا بەشێوازێکی بەراوردکارانە هەوڵی‌داوە بنەمایەک بۆ توێژەرانی بواری ئەدەبی کوردی دابمەزرێنێت و سەربوردەی ئەزموونی «ڕۆحی نەتەوەیی» کورد لەو بوارەدا بگێڕێتەوە. سەجادی لە پاژی «کورد و فەلسەفە»دا هەندێك پرس و بابەت لەمەڕ فەلسەفە و پێوەندیی نێوان فەلسەفە و ئەدەب، دەسپێک و پێناسەی فەلسەفە و هەروەها «فەلسەفەی کوردی» دەئارووژێنێ کە شیاوی سەرنجن. بەهۆی ئەوەی کە ئەو بابەتەی سەجادی، وەک یەکەمین ڕوانینی نووسەرێکی کورد بۆ بواری فەلسەفە بە زمانی کوردی دێتە ئەژمار، شیاوی ئەوەیە بە وردی ئاوڕی لێ بدرێتەوە. ئەم وتارە بە مێتۆدێکی دیاردەناسانە- هێرمنۆتیکی‌یەوە هەوڵی‌داوە کە بەستێنی تێفکرینی سەجادی و هەروەها شێوەڕوانینی ئەو بۆ ئەدەب و فەلسەفە دیاری بکا و ئەو بەشەی کتێبەکە لە چوارچێوەی «پڕۆژەی فەرهەنگی»ی ناوبراودا بخوێنێتەوە. بەگشتی، نووسەر بە تێڕوانینی هێرمنۆتیکی بۆ چەمکی ”دەسپێک“، هەوڵی داوە تا لە نێو دەقەکەی سەجادی‌دا دوو واتای جیاواز بۆ دەسپێک و ئەگەری دەسپێکی فەلسەفە لەنێو هزری کورددا بدۆزێتەوە. پرسی سەرەکی ئەم وتارە ئەوەیە کە ئەبێت پێناسەی سەجادی بۆ ئەدەب و فەلسەفە چی بووبێت کە لە کتێبێک لە سەر مێژووی وێژەی کوردی، باس لە فەلسەفە و «فەلسەفەی کوردی» دەکات؟

***وشەگەلی سەرەکی:*** فەلسەفە، مێژووی ئەدەبی کوردی، پێوەندیی فەلسەفە و ئەدەب، دەسپێکی فەلسەفە، عەلائەدین سەجادی

**چکیده**

علاءالدین سجادی در *تاریخ ادبیات کُردی* با رویکردی تطبیقی کوشیده سنگ‌بنایی را برای پژوهشگران حوزۀ ادبیات کُردی بگذارد و سرگذشت تجربیات «روح قومیِ» کُرد را روایت کند. او در بخش «کُرد و فلسفه»، مطالبی درخصوص فلسفه و نسبت آن با ادبیات، آغاز فلسفه و همچنین «فلسفۀ کُردی» ارائه می‌کند که شایستۀ تأمل است. به‌جهت اینکه نوشتۀ یادشده ظاهراً نخستین برداشت نویسنده‌ای کُرد به زبان کُردی در مورد فلسفه است، شایستۀ تحلیل و بررسی دقیق است. این جستار با تکیه بر روش پدیدارشناسی-هرمنوتیک کوشیده تا زمینۀ اندیشۀ سجادی و همچنین دیدگاه ایشان در ارتباط با ادبیات و فلسفه را نشان دهد و بخش یادشده را در چارچوب «پروژۀ فرهنگی» وی بازخوانی کند. روی‌همرفته، نویسنده با تکیه بر رویکرد هرمنوتیکی در رابطه با مفهوم «آغاز»، کوشیده است تا در متن سجادی دو معنای متفاوت از مفهوم آغاز و همچنین امکان آغاز فلسفه در عقلانیت کُردها را برجسته کند. پرسش محوری نوشتار حاضر این است که دقیقاً برداشت سجادی از فلسفه و ادبیات چیست که در کتابی در ارتباط با تاریخ ادبیات، ناگزیر به بحث از فلسفه و «فلسفۀ کُردی» شده است؟

***واژگان کلیدی:*** فلسفه، تاریخ ادبیات کُردی، نسبت میان فلسفه و ادبیات، آغاز فلسفه، علاءالدین سجادی

---

[1] . مامۆستای فەلسەفە، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران.

aminiphilosophy@uok.ac.ir

## ۱- پێشەکی

خوێنەری کورد کە سەرەتا لە سەردێڕی وتارەی بەردەست ورد دەبێتەوە، لەوانەیە لانیکەم بە سەرسوڕمانەوە دوو پرسیار بەرەوڕووی نووسەرەکەی بکات. یەکەم، "جا کورد و فەلسەفەیان وتووە؟" دووهەم، "ئاخر عەلائەدین سەجادی[۲] و فەلسەفە؟" بەوەی یەکەمیان ئەو گومانە لای خوێنەر سازدەبێت کە ئایا لەبنەڕەتدا ئەتوانین لە لای کورد و لە مێژووی کوردستاندا باس لە فەلسەفە بکەین و پاشان چۆن دەکرێت ئەو پرسە بورووژێنین و ئەگەری بوونی وەک دەرکەوتەیەکی واقعی بخەینە بەر باس؟ پاشان ئەگەر لە مشتومڕ لەسەر ئەوەی یەکەمیان قوتارمان بوو و ڕێکەوتین، ئەدی بۆچ لە نێو کەسانیتر کە زۆرتر فڕیان بە فەلسەفەوە هەبووە (وەک بەردەیسان، سۆهرەوەردی/ سوورەبەردی، شەمسەدین شارەزووری، شوکور مستەفا، مەسعوود محەمەد، محەمەد کەمال و هتد) سەجادی کە مەلای ئایینی بووە و فەلسەفەیشی نەخویندووە، هەڵبژێردراوە؟ مەگەر ئەوان لەو پێوەرانەی بۆ فەیلەسووف و بیری فەلسەفی دیاری دەکرێن خاوەنی چ پێوەرێکە؟ بەکورتی، هۆکارەکانی ئەو هەڵبژاردنە چین؟ ئەم پرسیارانە و پرسیارگەلێکیتری لەو چەشنە شیاوی پرسینن، بەڵام دەمهەوێت لە درێژەی باسەکەدا هۆکارەکانی ئەو بژاردەیە ڕوون بکەمەوە.

هەروەک دەزانین، سەجادی (۱۹۸٤-۱۹۰۷) یەکێک لە ڕوخسارە دیارەکانی مێژووی بیروهزری هاوچەرخی کوردستانە کە هاوکات لە چەندین بواری جیاجیادا جێگە پەنجەی دیارە[۳] و چەندین کاری بەنرخی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە. یەک لەو ئاسەوارانەی کە سەردەمی خۆی وەک شێوەڕوانینێکی نوێ لە ڕووی مێتۆد و بەربڵاوبوونی بابەتی لێکۆڵینەوەکەیەوە کەوتە بەردەست، کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی"یە(۱۹۵۲). یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کتێبە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی بەراوردکارانە نووسراوە (مەلایی، ۱٤۰۰). شاکەلی ئەو کتێبەی سەجادی وەک "یەکەمین مێژووی ڕاستەقینەی ئەدەبی کوردی" ناو دەبات و لای وایە بەهۆی ئەوەی کە سەجادی بەم کارەی "بنەڕتێکی پتەو"ی بۆ ئەدەب و فەرهەنگی کوردی داڕشتووە، ئەتوانین لەگەڵ کتێبی "شەرەفنامە"ی بەدلیسی (۱٦۰۳-۱۵٤۳) بەراوردی بکەین؛ هەروەک چۆن بەدلیسی بۆ

---

۲. لەمە بەدوا هەر "سەجادی" دەنووسین.

۳. ئەمە لەوانەیە هاوکات کە خاڵێکی تایبەت بێت بە زەرەری کەسەکەیش بشکێتەوە. بۆ نموونە، شاکەلی لە زاری تۆفێق وەهبییەو بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە دەڵێت: "سەجادی لەبارەی هەموو بابەتێکەوە قسەی کردووە و نووسیویەتی. لەبارەی هەموو شتێکەوە ڕا و بۆچوونێکی هەر دەربڕیوە. ئەمەی بۆیە کردووە، بۆ ئەوەی هەر کەسێک شتێکی نووسی یا لێکۆڵینەوەیەکی کرد، ناچار بێت، ڕا و بۆچوونەکەی سەجادیش باس بکات... " (سەجادی، ۲۰۱۲: ۳۲ پێشەکی).

یەکەمجار مێژووی سیاسی کوردی داڕشت، سەجادیش "بنەمایەکی بۆ ئەدەبی نەتەوایەتیی کورد" داڕشتووە (سەجادی، ٢٠١٢: ٦-٢٥ پێشەکی).

ئەوەی لە کتێبی ئاماژەپێکراودا لێرە بۆ ئێمە گرینگە، بەشێکە لە ژێر ناونیشانی "کورد و فەلسەفە" (سەجادی، ١٩٥٢: ١٩-١١٢). سەجادی لەو کتێبەی‌دا پاش باسێکی گشتی لەسەر بنج و بناوانی نەتەوەی کورد، جوگرافیا و حەشیمەتی کوردستان، دواتر ئەدەبی ڕۆژهەڵات بەگشتی و وێژەی کوردی بەتایبەت (لەوانە چیرۆک و ئەفسانە و پەندی پێشینیانی کوردی)، بەشێکی لەمەڕ کورد و فەلسەفە داناوە کە وەک نووسەر ئاگاداربێت لەوانەیە یەکەم کەس بێ[٤] کە بە زمانی کوردی ناوەڕاست و لە ژێر باسێکی دیاریکراو و سەربەخۆدا، هەرچەند بەکورتی و تاڕادەیەک کرچ‌وکاڵ، لەسەر فەلسەفە دواوە و باسی لە پێوەندی کورد و فەلسەفە کردووە. بەنموونە، نووسەری کتێبی "فەلسەفە و کۆمەڵ" (١٩٨٩) لە پێشەکی کتێبەکەی‌دا (کە بگرە یەکەم کتێب بێت کە لە ڕۆژهەڵات بە زمانی کوردی ناوەڕاست لەسەر فەلسەفە نووسرابێت)، بەڕاشکاوی و کەسەرێکی زۆرەوە باسی گەڕانی بێ‌ئەنجامی خۆی لەنێو کتێبخانی کوردی‌دا دەکات بۆ پەیداکردنی کتێب یان کتێبگەلێک کە بە زمانی کوردی لە بواری فەلسەفەدا نووسرابێتن یان خۆد وەرگێڕابێتن، بەڵام شتێکی وەهای دەست نەکەوتووە: "زۆر بیرم کردەوە، مێژووی گەشەکردنی زمانەکەم خستە بەرچاو، بە دوای شۆڕەسوارێکی مەیدانی ئەدەبی کوردی دەگەڕام تا بزانم کێ و کەی خۆی لە وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنان بۆ سەر زمانی کوردی ماندوو کردووە؟ بەڵام کەسم دەست نەکەوت." (خەلیقی، ١٩٨٩: ٣).[٥]

کەواتە، ئەگەر پێوەرمان زمانی نووسینەکە بێت ئەوا کەسانی وەک سۆهرەوەردی، شارەزووری یان بیرمەندانی هاوچەرخ کە کتێبەکانیان بە عەرەبی یان فارسی نووسیوە، بۆ مەبەستی ئێمە لێرەدا دەکەونە دەر بازنەکەوە. گرینگی بابەتەکەی سەجادی زۆرتر لەوەی بەهۆی ناوەڕۆکی بابەتەکەیەوە بێت (کە ئەڵبەت لە گۆشەنیگایەکی نیشتمانی و نەتەوایەتییەوە شیاوی سەرنجە)، بەهۆی زمان و مێژووی نووسینەکەیەتی و هەروەها پێناسەی ئەو بۆ تێگەی "فەلسەفەی کوردی" و چۆنیەتی تێگەیشتنی لە فەلسەفە و پێوەندیی فەلسەفە لەگەڵ بواری ئەدەبدا. وەک نووسەر ئاگادار بێت، لە سەر سەجادی بەگشتی و کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی" بەتایبەت، جگە لە دوو وتار، توێژینەوەیەکی ئەوتۆ نەکراوە. یەکەم ئەو پێشەکییەیە کە فەرهاد شاکەلی بۆ کتێبی "هەمیشە

٤. بەپێی ساڵی بڵاوبوونەوەی کتێبەکە، نزیکەی ٧٢ ساڵ پێش ئێستا ئەو بابەتە بە کوردی و بەکورتی لە سەر فەلسەفە نووسراوە.

٥. هەرچەند ئاماژە بۆ دوو کتێبی جەلال دەباغ (یەک نووسراوە و یەکیش وەرگێڕان) دەکات کە دەورووبەری هەشتاکان لە سەر فەلسەفە بە ڕوانگەیەکی مارکسیستیەوە بڵاوی کردوونەتەوە. بەڵام ئەم دوو کتێبەیش فەلسەفەی پەتی نین.

بەهار“ لە ژێر ناونیشانی ”عەلائوددین سەججادی: زانایەکی کلاسیک، پڕۆژەیەکی فەرهەنگی“ (سەجادی، ٢٠١٢، ٦٦-٥) نووسیویەتی کە هەنگاوێکی باشە بۆ پێناسەکردنی پڕۆژەی گشتیی سەجادی و ناساندنی کتێبەکانی. شاکەلی لێرەدا لە ڕوانگەی ئەدەبەوە ئاوڕێکی خێرایش دەداتەوە لە کتێبی ”مێژووی ئەدەبی کوردی“؛ ئەڵبەت هیچ ئاماژەیەک بەو بەشەی کە لەم نووسراوەیەدا جەختی لەسەر کراوە ناکات. هەروەها، مەلایی (١٤٠٠) لە وتاری ”لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە ئەدەبی کوردیی ناوەندیدا: سەرنجدانێک بە ڕۆڵ و پێگەی عەلائەدین سەجادی“، زۆرتر هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە ئەو کتێبەی سەجادی وەک یەکەم هەنگاو بۆ ”ئەدەبی بەراوردکاریی“ لە مێژووی وێژەی کوردی لە هەنبەر بۆچوونی باوی توێژەراندا پێناسە بکات. نووسەری ئەم توێژینەوەیشە لەو بەشەی کە کرۆکی لێکۆڵینەوەی بەردەستە، ئاوڕی نەداوەتەوە.

ئێمە لێرەدا بە ڕوانگەیەکی دیاردەناسانە-هێرمنۆتیکییەوە (کە سەرەتا خوێندنەوەیەکی بەرتەسکە لەسەر خودی دەقەکە ئەو جۆرەی کە خۆی دەنوێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پشتبەستن بە ڕوانگەی گادامێر بۆ دەق و هەروەها بۆچوونی لەمەڕ چەمکی ”دەسپێک“، ڕاڤە و لێکدانەوەی خۆەیشمان لەسەر دەقەکە دەخەینە بەردەست)، هەوڵ دەدەین لایەنە گرینگەکانی دەقەکەی سەجادی بخوێنینەوە. ئەو بابەتانەی کە زۆرتر لەسەریان جەخت دەکەین بریتین لەمانە: هەڵوێستی سەجادی لەمەڕ بیری نەتەوەخوازیی لە ڕێگای چالاکی فەرهەنگیەوە؛ چۆنیەتی ڕوانینی ناوبراو بۆ چەمکی فەلسەفە و بیری فەلسەفی؛ گرنگیی "دەسپێکی" فەلسەفە و دوو واتای جیاواز بۆ تێگەی دەسپێک؛ پێوەندیی نێوان فەلسەفە و ئەدەب و لە کۆتاییدا ئەگەری بیری فەلسەفی لە لای کورد بە ئاوڕدانەوەیەک لە پەندی پێشینیان و هەوڵ بۆ خوێندنەوەی ئاوەزمەندیی ڕۆحی کورد لە ڕێگای ئەو پەندانەوە.[٦]

## ٢- بیری نەتەوەخوازی و ”پڕۆژەی فەرهەنگی“ سەجادی

کە یەکەمین شەپۆلەکانی گۆڕانکاریی جیهانی مۆدێڕن دەرکەوت، لە بواری هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیییەوە جموجووڵێکی ساز کرد کە دواتر لە ڕەوتی نەتەوەخوازی (ناسیۆنالیسم)دا خۆی دەرخست. ئەو ”خودئاگاهی“یە کە هێگل گوتەنی سرشت و کرۆکی ”ڕۆحی“ نەتەوەییە (هگل، ١٣٩٤: ٦٣)، لای کوردیش دەرکەوت و بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر و لە چەند قۆناغدا هاتە ئاراوە.

---

٦. ئەڵبەت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوەیشمان بۆ دەردەکەوێت کە کورد هەر لە سەرەتاوە لە ڕوانگەی ئەدەبەوە لە فەلسەفەی ڕوانیوە و لەگەڵ فەلسەفەدا ئاشنا بووە، ئەمەیش بۆخۆی خەساری زۆری لێکەوتوەتەوە کە لێرەدا مەجالی ئەوەمان نییە لێی ورد ببینەوەوە.

هەندێک لە نووسەران تەنانەت سەرەتای ئەو ڕەوتە تا سەردەمی ئەحمەد خانی درێژ دەکەنەوە. بەنموونە، برۆنسن لە وڵامی ئەو پرسیارەی کە "ئایا ئەحمەد خانی ناسیۆنالیستێکی کورد بوو و ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە سەردا بوو؟" دەڵێت پاساوی باشمان هەیە بۆ ئەوەی خانی بە "مژدەدەری ناسیۆنالیسمی کوردی" بزانین، بەڵام بەڕاشکاوی ناتوانین بە پشتبەستن بە چەند بەیتی کتێبی "مەم و زین" بیسەلمێنین کە ناوبراو "بیری بە دەوڵەتی کوردی کردوەتەوە" (برۆنسن، ١٣٩٨: ٦٨). ئەو بەخۆداهاتنەوە تەنها لە ڕواڵەتی خەباتی سیاسی و مەیدانی کردەکیدا خۆی نەنواند، بەڵکوو لە گۆڕەپانی هزریی و لە ڕواڵەتی نووسراوەدا لە بوارە جیاجیاکانی وەک مێژوو، ئەدەب، هونەر و هتد زۆرتر وەک "پەرچەکردار"گەلێک دەرکەوت. کە چاو لە پێشەکی کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی" سەجادیشدا دەکەین، هەمان هەڵوێست وەک پەرچەکردارێک دەبینین. واتە لێرەیشدا نووسەرێکی کورد وەک هێمای ڕۆحی بەئاگاهاتوو لە دۆخی خۆی و نەتەوەکەی، لەناکاو بیر لە ڕابردوو و دۆخی ئێستای خۆی دەکاتەوە و لەپڕ تێدەگات کە "هەیە"، بەڵام نازانێت "کێیە"؟ سەرچاوە و هۆکاری ئەو بەئاگاهاتنە پەرچەکردارانەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چاو لە گەلانی دەوروبەری دەکات، دەبینێت ئەوان لە بوارە جیاجیاکاندا زۆر کار و چالاکییان کردووە و سامانێکی باشیان کۆ کردوەتەوە و لە خەرمانی مێژووی هاوبەش زۆر شتیان هەڵگرتووە و تەنانەت زیادە لە بەشی خۆیان هەڵگرتووە و دەستدرێژیشیان کردووە بە سەر بەشی گەلانی بێدەسەڵاتیتردا، کەچی نەتەوەکەی ئەو هێشتا لە خەو بەخەبەر نەهاتووە و بێبەش ماوەتەوە و هەست بەجێماویی دەکات. ئەوەی کە شاکەلی لە پێشەکی کتێبی "هەمیشە بەهار" وەک "پڕۆژەی فەرهەنگی" ئاماژەی بۆ دەکات، لەم هەست و بۆچوونەی سەجادی سەرچاوە دەگرێت (سەجادی، ٢٠١٢: ٦-٥ پێشەکی). سەجادی لە پێشەکی کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی"دا بەڕوونی ئەو هەستە ئاشکرا دەکات:[7]

> ڕۆژێک شتێکم ئەخوێندەوە کە لێی بوومەوە سەرلەنوێ لە دڵ خۆما وردم ئەکردەوە، لەمەوە کوتوپڕ ئەوەهات بە بیرما: کە ئایا من چیم[8] ئینگلیزیم؟ نەء. عەرەبم؟ نەء. بەڵکوو کوردم. باشە کە کوردم ئەبێ لە نەتەوەی کورد بم، کە لە نەتەوەی کورد بووم ئەمەی تێگەیاندم: کە کورد ناوی لە لاپەڕەی ڕۆزگاردا هەیە و ئەمیش قەومێکە بۆ خۆی. زۆری پێنەچوو لەو دەریای خەیاڵەدا کەوتمە سەر ئەوە کە میللەت مادام میللەت بوو، بە بێگومان ئەبێ زمان و ئەدەبیات و تاریخێکی ببێ؛ ئەگەر نەیبێ

٧. شیاوی ئاماژەیە کە بۆ ئەوەی دەقەکە لە ڕووی ڕێنووسەوە یەکدەست بێت، هەندێک لەو وشە و دەستەواژانەی کە ڕاستەوخۆ لە کتێبەکەی سەجادی گواستومەتەوە، تاڕادەیەکی زۆر کەم لە ڕووی ڕێنووسەوە دەسکاریم کردون؛ هەرچەند هەوڵم داوە کە لە ڕووی واتاوە هیچ لە دەقەکە نەگۆڕم.

٨. "سووژە"ی کورد لێرەیشدا شەرمێونە، خۆی ون دەکات. ناڵێت من "کێم"، ئەڵێت من "چیم"؟

به هیچ ناژمێردرێ و هیچ نییە؛ لێرەدا سەرم لێ تێکچوو: تەماشای خۆم ئەکەم هیچی‌تر نیم تەنها کورد نەبێ، تەماشای بارەکەی‌تری ئەکەم سەیر ئەکەم تەنیا کورد نەبێ هەموو شتێکی‌ترم! کسپەیەک لە دڵمەوە هات، بەوە دڵی خۆم دایەوە کە وتم: بەڵگەی قەمیی کە زمانە، ئەوا من هەمە ... (سەجادی، ۱۹۵۲: ۳).[۹]

"کوردبوون" وەک هێمای نەتەوەیی تەنها شتێکی خەیاڵی نییە، بەڵکوو ئەبێت دەرکەوتەی هەبێت و لە ڕەوتی مێژوودا خۆی بنوێنێت. واتە "ڕۆح" وەک هێزێکی گشتی، هێگل گوتەنی، ئەبێت لە ڕەوتی مێژوودا شێوەی تاکێتی لەخۆ بگرێت و دەرکەوتنێکی دیار لە قەبارەی "ڕۆحی قەومی/نەتەوەیی"دا هەبێت. جیاوازیی ڕۆحی هەر گەلێکیش لە باقی گەلانی‌تر دەگەڕێتەوە بۆ "قووڵ" یان "ڕووکەش"بوونی تێگەیشتنی ئەو گەلە لە "ڕۆح"؛ ئەو تێگەیشتنە بریتییە لە بەئاگاهاتن لە "بوونی" خۆی (هگل، ۱۳۹٤: ٥-٦۳). دیارە بەپێی ئەم پێوەرە، سەجادی لە "بوونی" خۆی و ڕۆحی نەتەوەیی خۆی بەئاگا هاتووە و خەریکە پرسیار لە بوونی خۆی دەکات. بەڵگەی پتەویشی بۆ دەرکەوتنی بوونی گەلەکەی لە ڕەوتی مێژوودا، زمانە کە ئەمەیش بۆخۆی لە ڕۆخساری فەلسەفە، هونەر و بەتایبەت لە ئەدەبی فولکلۆردا (لەوانە قسەی نەستەق، پەندی پێشینیان، مەتەڵ، بەیت و حەیران، لاوک و هتد) خۆی دەرخستووە کە هەموو ئەمانە بە بێ مەرجی زمان جێبەجێ نابن.

کەواتە مەرجی گێڕانەوەی مێژووی ڕۆحی نەتەوەیەک زمانی تایبەت بەو نەتەوەیە. لەم سۆنگەیەوەیە کە سەجادی گرینگی زۆر بە زمان (بەتایبەت زمانی نڤیسیاری) دەدات و هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی پاشماوەی هزریی، کە لە باب و باپیرانیەوە ماوەتەوە، تۆمار بکات و مۆرکی زمان و فەرهەنگی کوردی لێبدات. لەم گۆشەنیگایەوە، هەرچەند لەوانەیە کورد بەرواڵەت لەنێو گێژاوی ڕووداوەکانی مێژوودا بەپێی گێڕانەوەکانی نەتەوە سەردەستەکان، بەئانقەست بزر کرابێت یان پەراوێز خرابێت، بەڵام مادام کە خاوەنی زمانە "وەک بەڵگەی قەومیی"، ئەدی قەد بۆ سەلماندنی ڕۆحی نەتەوەیی و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی دێر نییە. بۆیە سەجادی ئەو کتێبە وەک هەنگاوێک بۆ گێڕانەوەی مێژووی ڕۆحی کورد کە لە بواری ئەدەبدا خۆەی نواندووە، دەڕوانێت: "... بۆ ئەوە کە ڕۆڵەکانی ئیمڕۆژ و پاشەڕۆژمان بیگرن بە دەستەوە و لە ڕیزی ئەو قەومانەدا ڕاوەستن کە مێژووی ئەدەبیاتی خۆیان بەدەستەوەیە." (سەجادی، ۱۹۵۲: ٤). سەجادی بەتایبەت بابەتەکانی کتێبی "ڕشتەی مرواری" و "گێتی زیندەوەر"یشی بە پێی ئەم ڕوانگەیە

۹. ئەو "کسپە" و "سەرلێشێواوی"یە لەڕاستی‌دا ئەزموونی تاڵی هەر تاکێکی کوردە لەمەڕ "ڕۆحی قەومی/نەتەوەیی" خۆی کە لە زمانی سەجادی‌یەوە دەربڕاوە.

کۆکردوەتەوە و نووسیویەتی. بەنموونە، ناوەڕۆکی کتێبی دووهەم سەردەمانی زۆر پێش ئەو فەیلەسووفێکی وەک ئەرەستوو و پاشان هەندێ لە بیرمەندانی جیهانی ئیسلام پێشتر بڵاویان کردوەتەوە، بەڵام سەجادی ویستوویەتی بە زمانی کوردی ئەو کارە بۆ کورد بکات و بابەتەکە بە پشتبەستن بە فەرهەنگی زارەکی کورد بکوردێنێت؛ جیاوازیی کارەکەی لەوەدایە.

## ٣- سنووری نێوان فەلسەفە و ئەدەب

سەرەتا پێویستە بپرسین ڕاستی لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدا چ پێوەندییەک هەیە کە سەجادی لە کتێبێک لەسەر مێژووی "ئەدەبی" کوردی ئەبێت باس لە فەلسەفە و تەنانەت "فەلسەفەی کوردی" بکات؟ ئایا سنوورییێکی هاوبەش هەیە کە ئەو دوو بوارە لێک گرێ‌داتەوە یان بەتەواوی دوو شتی جیاوازن و هیچ سنوورێکی هاوبەشیان نییە؟ بە زمانێکی‌تر، چۆن ئەکرێت لە نێوان فەلسەفە وەک هێمای ئاوەز و ئاوەزمەندی و ئەدەب و وێژە وەک هێمای هەست و خەیاڵ پردێکی پێوەندی بدۆزینەوە؟ ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئاوڕ لە بۆچوونی هەندێ لە فەیلەسووفانی ڕۆژئاوایی دەرهەق بە پێوەندیی نێوان فەلسەفە و ئەدەب بدەینەوە، لەگەڵ ڕوانگەگەلێکی جیاوازدا ڕووبەڕوو دەبینەوە. بەنموونە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەفلاتوون وەک فەیلەسووفێکی دامەزرێنەر، وتووێژەکانی لە ڕووی ڕواڵەت و داڕشتنەوە وەک هێمای شاکارگەلێکی ئەدەبی دێنە ئەژمار، بەڵام کاتێک لە وتووێژی "کۆمار"دا دەیهەوێت شاری خەیاڵی خۆی دابمەرزێنێت، لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقییەوە چینی ئەدیبان و بەتایبەت شاعیران وەک لادەر لە ڕێسا ئەخلاقییەکان لەقەڵەم دەدات و بەڕێزەوە تاجە گوڵینەیەک لە سەریان دادەنێت و لە شاری ئارمانی خۆی وەدەریان دەنێت.[10]

ئەوە لەحاڵێکدایە کە ئەرەستوو کاتێک ڕەهەند و لقەکانی فەلسەفە (حیکمەت)[11] بە سەر سێ لقی گشتی زانستی بیردۆزانە، زانستی کردەکی و زانستی بەرهەمهێنەرانەدا[12] دابەش دەکات، لە بەشی "زانستی بەرهەمهێنەرانە"، کە هەموو بابەتی داهێنان و سازکردن لەخۆ دەگرێت و لەگەڵ کارامەیی تەکنیکی و هونەرییدا پێوەندیی هەیە، جێگایەک بۆ ئەدەب دەکاتەوە و وەک لقێک لە فەلسەفە و تێفکرین بەگشتی وێنای دەکات (Aristotle, 2016: 98). لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا دوای ئەرەستوو، لانیکەم تا سەردەمی نیچە و بیرمەندە ڕۆمانتیکەکان، سنووری نێوان فەلسەفە و ئەدەبیات تا دێت لێک دوور دەکەوێتەوە، بەڵام لە نیچە بەدواوە هەندێ جار سنووری

---

١٠. بەنموونە، بڕوانە: (Gadamer, 1980; Destrée & Herrmann, 2011).

11. wisdom

12. Theoretical; practical, productive

فەیلەسووف و شاعیر بەسانایی لێک جیا ناکرێتەوە و بەئانقەست کەلێنی دەسکردی نێوان ئاوەز و خەیاڵ هەڵدەوەشێننەوە. بۆیە بەنموونە، هایدیگەر لای وایە کە شاعیران، فەیلەسووفان و بیرمەندانی ڕاستەقینەن، ئەڵبەت پێچەوانەکەیشی دەڵێت. چوونکە شاعیری ڕاستەقینە بەرەو ئەو ئاقارەی هەنگاو دەنێت کە لەگەڵ "ڕووناکایی[13] بوون"دا ڕووبەڕوو دەبێتەوە (هایدگر، ١٩٤٦: ١٩٢). واتە شێعر (بە واتای سازدان، بەرهەمهێنان و بەدیهێنان)، مرۆڤ گرێ دەداتەوە بە زەویی و لەسەر زەوی ڕای‌دەگرێت و "پابەندی زەوی دەکات". بۆیە لە زمانی هۆڵدرلینەوە دەڵێت "مرۆڤ شاعیرئاسا لە سەر زەوی سەقام دەگرێت" (هایدگر، ١٩٥٤: ٦٠-٥٣).

سەجادیش لەمەڕ پێوەندیی نێوان فەلسەفە و وێژە پێش‌گریمانە و ڕوانگەیەکی تایبەتی هەیە و لای وایە ئەو پێوەندییە سفت‌وسۆڵ و لێک‌دانەبڕاوە؛ بۆیە ناکرێت باس لە مێژووی ئەدەبی کوردی بکرێت بە بێ ئەوەی ئاوڕێک لە فەلسەفە و بیری فەلسەفی لای کورد بدرێتەوە. سەجادی بەڕاشکاوانە ئەو پێوەندیی و "ئاشنایەتییە" ناشارێتەوە و ئەدەب و وێژە وەک "لقێک" لە لقەکانی فەلسەفە وێنا دەکات کە جودا بوەتەوە: "مێژووی ئەدەبی کوردی بێ‌گومان ئەبێ ئاشنایەتییەکی لەگەڵ فەلسەفەدا هەبێ، بۆیە هەیەتی چوونکە ئەدەب بەتێکڕا یەکێکە لەو لقانە کە لە فەلسەفە بوونەتەوە." (سەجادی، ١٩٥٢: ١١٢). ئەبێت پێناسەی سەجادی بۆ فەلسەفە و بیری فەلسەفی چی بێت کە ئەدەب وەک "لقێک" لە فەلسەفە وێنا دەکات. بەڵام پێش ئەوەی بۆچوونی خۆی دەرهەق بە فەلسەفە بخاتە گەڕ، سەرەتا ئاوڕ لە ڕەخنەی ڕەخنەگرێکی گریمانەکراو دەداتەوە و وەک پرسیارێکی دیاریکراو/موقەدەر دەیهێنێتە کایەوە: "ئایا ئەگونجێ کە ئێمە بێنین ناوی فەلسەفە لە کوردی‌دا بهێنینە ناوەوە لەگەڵ ئەوەدا کە ڕەخنەگر ئەڵێ کورد تا ئێستە ئەدەبێکی ئاشکرای نەبوە، ئیتر فەلسەفە چۆن ئەبێ دەمی بۆ ببرێ؟" (سەجادی، ١٩٥٢: ١١٢). وەک ئەوەی بڵێی "ئاخر کورد و فەلسەفە!" قسە هێشتا لەسەر بوونی ئەدەب و وێژەی کورد جێی گومانە، ئەدی چ بگات بە فەلسەفە. ئەبێت پێناسەمان بۆ فەلسەفە چی بێت کە بە سەلماندنی ئەدەبێکی سەربەخۆ، بتوانین سەربەخۆیی بیرێکی فەلسەفی لەنێو کورددا بسەلمێنین؟[14]

13. Lichtung

١٤. بەنموونە، خەلیقیش پێش‌گریمانەی ئەوەیە کە "هەر گەلێک خاوەنی فەلسەفەی زانستیی خۆیەتی" (خەلیقی، ١٣٦٨: ٥). گەرچی فەلسەفە لای خەلیقی بۆ "ئاستی فەلسەفەی زانستی" دادەبەزێت و بە ڕوانگەیەکی پۆزیتیویستیەوە بۆ فەلسەفە دەڕوانێت کە وەک "چەکی گۆڕین" لێی دەڕوانێت (خەلیقی، ١٩٨٩: ١٤-٤).

سەجادی لە یەکەم دەربڕیندا ئاوەها فەلسەفە پێناسە دەکات: "فەلسەفە عیبارەتە لە بیندرێژی و ڕۆچوون لە خەیاڵاتی ماددیدا"[١٥] (سەجادی، ١٩٥٢: ١١٢). هەر وەک دیارە، ئەم جۆرە پێناسەیە بۆ فەلسەفە گەلێک بەربڵاوە (وەک ئەو پێناسەیەی کە ئەرەستوو سەرەتا بۆ فەلسەفە و تێفکرین دەیکات) و هەر جۆرە تێفکرینێکی قووڵ، تێڕامان و ئاوڕدانەوەیەکی شێلگیرانە و هەر چەشنە "ڕۆچوون" و وردبوونەوەیەکی هزریی لەخۆ دەگرێت.[١٦] جا ئەگەر پێناسەمان لە فەلسەفە و بیری فەلسەفی ئاوەها بێت، بەڕای سەجادی ئەوا "کوردیش ئەمەی هەبووە"[١٧] ئەگەرچی لەوانەیە ئەو توانستە "بەخێو نەکرابێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە فەلسەفەی نەبووە" (هەمان: ١١٢) و کوردیش بەپێی دەرکەوتەی فەرهەنگەکەی ئەو توانستەی هەبووە کە لە سرشتی شتەکان ڕۆبچێت و لە سەریان ڕاوەستێت و بەپشوودرێژییەوە بیریان لێ بکاتەوە. بۆیە لە پێشەکی کتێبی "گێتی زیندەوەر"یشدا هەمان توانست و کارامەیی هزریی لەنێو بیر و بۆچوونی کورددا دەبینێت. لەوکتێبەدا لە سۆنگەی نەتەوایەتییەوە دەڵێت: مرۆڤ هەر لە کۆنەوە لە ڕێگای "تاقیکردنەوە"وە توانیویەتی لە بیری ساکاری خۆی دەرهەق بە سروشتی دەورووبەری پێ بنێتە نێو بیری قووڵ و پێش بکەوێت. هەر ئەو تاقیکردنەوە و ئەزموونانە "ئادەمیزادی خستە سەر باری نەتەوایەتی" و گریمانەی ئەوەیە کە کوردیش لەم ئەزموونانە "بێبەش" نەبووە. ڕاستە کە کورد بۆ تۆمارکردنی مێژووی ئەزموونی خۆی لە بوارە جیاجیاکاندا دێر دەستی داوەتە پێنووس، بەڵام لەو مەیدانەدا "ئەسپی خۆیانیان تاو داوە". هەوڵەکانی سەجادی بۆ کۆکردنەوەی ئەو میراتە زارەکییە، نموونەیەک بۆ بەڵگەمەند کردنی ئەو ئیدعایە. ناوەڕۆکی کتێبی ئاماژەپێکراو هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ڕوانگەی عەقڵیەتی کورد لەسەر "نهێنییەکانی لەشی گیانلەبەر و دار و دەوەن" و تەقەلایەکە بۆ وڵامی ئەو پرسیارە کە ئاخۆ "چ فەلسەفەیەک لەم گێتییەدا هەیە؟" (سەجادی، ٢٠٠٠: ٤-٣).

١٥. ئەڵبەت لێرەدا چەمکی "خەیاڵاتی مادی" دەکرێت مشتومڕی لەسەر بکەین کە داخوم چ واتایەکی هەیە و مەبەستی مامۆستا لەم دەربڕینە چییە. ئایا دەربڕینی "خەیاڵاتی مادی" دژوێژانە نییە، ئایا خەیاڵ ئەتوانێت "مادی" بێت؟ دیارە مەبەست لە خەیاڵات لێرەدا وەهم و شتی دەسکردی خەیاڵیی نییە، بەڵکوو زۆرتر مەبەست تێڕامان و قووڵبوونەوەی بیر و هزرە. بەڵام بیر و هزر هەمیشە بابەتی دەوێت و بابەتەکەیشی هەر چەشنە بوونەوەرێکە کە "شتە مادیەکان" یا خۆد مادە یەک لەوانەیە. ئەم تێبینیە ئەتوانین بە پشتبەستن بە پێناسەی دووهەم، کە دواتر باسی لێوە دەکەین و هەندێ ڕوونترە لەوەی یەکەم، پشتڕاست بکەینەوە.

١٦. بەنموونە، لەم پێوەندیەدا نالی لە دەسپێکی غەزەلێکیدا دەڵێت: شەو هات و ئەمن مەستی *خەیاڵاتی* کەسێکم/ مەشغووڵی *نەفەس گرتنی* موشکیننەفەسێکم (نالی، ١٤٠٠: ٢٧٤).

١٧. هەرچەند ئەبێت ئاگاداربین کە دەستەواژەگەلی وەک کورد و فەلسەفە، فەلسەفی کوردی، فەلسەفە لە لای کورد و هتد هەر یەک بۆخۆی واتا و ئاماژەی جیاوازی هەیە کە نابێت تێکەڵیان بکەین.

بەگشتی، ئەو پێناسەیەی سەجادی بۆ فەلسەفە تاڕادەیەک نزیکە لەو پێناسەیەی کە ئەرەستوو لە کتێبی "مێتافیزیک"دا بۆ فەلسەفەی کردووە: فەلەسەفە زانستێکە بۆ ناسینی سەرچاوە[18] و هۆکارە بنەڕەتییەکانی بوونەوەران "لەو ڕووەی کە هەن" و ئەو تەقەلایەش تەنها "بۆ خاتری خۆی"[19] دێتە ئاراوە نە بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دەرەکی لەوانە سوود، ڕابواردن یان چارەسەریی پێداویستیەکانی ژیان (Aristotle, 2016: 4-6). ئەڵبەت هاوکات ئەو پێناسەیەی سەجادی بۆ فەلسەفە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوانگە کلاسیکییە کە فەلسەفەیان وەک بەرینترین و بەنرخترین زانست پێناسە دەکرد کە هەموو بوارەکانیتر دەکەوێتە نێو بازنەی ناسین و بابەتی لێکۆڵینەوەیەوە.[20] هەروەها لە دەربڕینی دووهەمی سەجادی‌دا کە وەک پێناسەیەکیتر بۆ فەلسەفە لە چەند لاپەڕەی دواتر دەردەکەوێت، ئەتوانین وەک بەڵگە بۆ ئەو بانگەشەی سەرەوە کەڵکی لێ وەرگرین. سەجادی هەمان پێناسەی یەکەم بە هەندێک گۆڕانکارییەوە لەمەڕ فەلسەفە دووپات دەکاتەوە کە واتاکەی ڕوونترە و لەو پێناسەی ئەرەستوو نزیکتریشە. دەڵێت "فەلسەفە بە مەعنا ڕوچوونە لە مەسائلی ورد و زانینی سەرچاوەی شتە لەگەڵ خەیاڵبازی کردندا..." (سەجادی، ۱۹۵۲: ۱۱٦). لێرەدا دەستەواژەی "سەرچاوەی شتە[کان]" لەبری چەمکی "خەیاڵبازی مادی" لە پێناسەی یەکەمدا، وەک بابەتی ڕۆچوون و تێفکرینەکە دیاری دەکرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین، هەر وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، لەوانەیە مەبەستی سەجادی لە پێناسەی یەکەم لە ڕستەی "خەیالاتی مادی" تێفکرین و تێڕامان لە سەرچاوەی "شتەکان/ بوونەوەران" بووبێت.

ئێستا پاش ئەو باسانەی سەرەوە، پێویستە ئاوڕ لەو پرسیارەی بدەینەوە کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا پرسیبوومان. واتە لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدا چ پێوەندییەک هەیە کە سەجادی لە کتێبێک لەبارەی مێژووی وێژەی کوردی باسی فەلسەفە دەێنێتە کایەوە؟ دەبێت بڵێین بەپێی دەلالەتی دەقەکە بۆچوونی سەجادی لەم باسەدا زۆر ڕوون نییە. چوونکە دوو دەربڕینی بەتەواوی جیاوازی لەسەر ئەو پێوەندییە هەیە. هەرچەند دیار نییە کە ئایا سەجادی بە هەڵە ئەوەی کردووە یان بە ئانقەست، بەپێی کەسایەتی سەجادی ئەم بژاردەیەی دووهەم کەمتر ئەگەری هەیە. هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ناوبراو لە سەرەتای باسەکەی‌دا بە ڕاشکاوی دەڵێت ئەدەب بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە "بەتێکرا یەکێکە لەو لقانە کە لە فەلسەفە بوونەتەوە" (هەمان: ۱۱۲)؛ وەک وتمان ئەمە لەگەڵ ڕوانگەی

18. starting-point
19. for its own sake
۲۰. بەنموونە، خەلیقیش لەم ڕوانگە گشتی و بەرینەوە فەلسەفە پێناسە دەکات: "فەلسەفە بریتی‌یە لە ڕوانین بۆ گەردوون بەگشتی" (خەلیقی، ۱۳٦۸، ل ۱۰).

باوی ئەرەستوویی تاڕادەیەک دێتەوە. بەڵام سەجادی لە پێناسەی دووهەمی بۆ فەلسەفە، بەتەواوی دژی بۆچوونی یەکەم لەسەر پێوەندیی نێوان وێژە و فەلسەفە هەڵوێست دەگرێت. ئەدی لێرەدا فەلسەفە وەک "لقێک لە لقوپۆپی ئەدەب" وێنا دەکات: "لەبەر ئەوەی کە فەلسەفە بە مەعنا ڕۆچوونە لە مەسائلی ورد و زانینی سەرچاوەی شتە لەگەڵ خەیاڵبازی‌کردندا، ئەبێتە لقێک لە لقوپۆپی ئەدەب. " (هەمان، ١١٦). وەک ئەوەی بڵێی بازنەی ئەدەب بەرین‌ترە و لەڕووی بابەتەوە لە فەلسەفە بەربڵاوترە. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی کلاسیک "بوون" وەک بابەتی سەرەکی فەلسەفە وێنا بکەین، ئەدی پێوەندیی نێوان وێژە و فەلسەفە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەجادی‌یە، چوونکە هەموو شت پێش ئەوەی تایبەتمەندییەکی ببێت، لە بوون بەهرەمەندە و لەم ڕووەوە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی فەلسەفییەوە.

### ٤- "دەسپێک"ی فەلسەفە: ئاوڕێک لەسەر واتای دەسپێک

کاتێک باسی "دەسپێک/سەرەتای" فەلسەفە یان هەر بوارێکی‌تر دەکەین، لەمەڕ خودی تێگەی دەسپێک دەشێت پرسیار بکەین کە ڕاستی مەبەستمان لەم چەمکە چییە و ئایا یەک واتای هەیە یان زۆرتر؟ وەک گۆڤێن دەڵێت: "پرسیار لەمەڕ دەسپێکی فەلسەفە بۆخۆی پرسیارێکی فەلسەفییە" (گۆڤێن، ١٤٠٢: ٤١). یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە کە وشەی دەسپێک هەڵگری چەند واتا و دەلالەتی جیاوازە و جا هەر یەک لەو واتایانە زەق کەینەوە، دەلالەتی دەسپێکی فەلسەفە دەگۆڕدرێت. بەنموونە، ئەرەستوو لە کتێبی دڵتای "مێتافیزیک"دا بۆ چەمکی دەسپێک/سەرەتا شەش واتای جیاواز دەستنیشان دەکات کە هەندێکیان بوونناسانە یان ماریفەتناسانەن، هەندێکیان سەرەتا وەک بەشێک لە سرشتی بابەتەکە وێنا دەکرێن، هەندێکیان کات تێیاندا مەرجە و هتد (Aristotle, 2016: 69). گادامێر لە ڕوانگەیەکی هێرمێنۆتیکییەوە لانیکەم سێ واتای جیاواز بۆ چەمکی دەسپێک/سەرەتا (بۆ ورووژاندنی بابەتی دەسپێکی فەلسەفە) دیاری دەکات کە ئەتوانین بۆ باسەکەی خۆمان و لێکدانەوەی بۆچوونی سەجادی سەبارەت بە دەسپێکی فەلسەفە کەڵکی لێ‌وەرگرین (Gadamer, 2001: 11-18). یەکەم واتای باوی دەسپێک، واتای "کاتیی"یە کە لەگەڵ وزە و جووڵاندا پێناسە دەکرێت؛ واتە سەرەتای جووڵە یان دەرکەوتن و سەرهەڵدانی شتێک. لەم ڕوانگەیەوەیە کە ئەپرسین سەرەتای فڵان شت یان فڵان ڕووداو کەیە؟ چ کاتێک بوونەوەرێک "دەستدەکات" بە پەیدابوون یان مردن؟ تەمەنی پیری کەسێک کەی "دەست پێدەکات"؟

لەم گۆشەنیگایەوە، ئەتوانین بپرسین کە فەلسەفە وەک بوارێکی تایبەت "کەی" و لە کوێ "دەستی پێکردووە" و سەرەتای سەرهەڵدانی کەی بووە؟ کە ئاماژە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین

و ئەیۆنیا (یۆنان) وەک مەڵبەندی سەرهەڵدانی فەلسەفە دەکرێت، لەم دەلاقەیەوەیە. لەوانەیە مەبەستی نیچە لە واتای "دەسپێک" لەم گۆشەنیگایەوە بوبێت کە دەسکەوتێکی ئەوتۆی بۆ گەڕان بە دوویدا ڕەچاو ناکات: "مرۆڤ بە گەڕان بەدووی دەسپێک/سەرچاوەکاندا دەبێت بە قرژانگ [کە پاشەوپاش بە ڕێگادا دەڕوات] " (نیچە، ۱۳۸۷: ۲۷). واتایەکی‌تری تێگەی دەسپێک زۆرتر لەسەر ڕەچەڵەک و بنەما[21] جەخت دەکات. لێرە زۆرتر مەبەست واتایەکی فەلسەفی و دەرکاتی‌یە کە پابەندە بە سرشتی شتەکانەوە. واتای دەسپێک لەم ڕوانگەیەوە تەنها بە ڕوانین بۆ "ئەنجام/ کۆتایی" دەردەکەوێت. لەم سۆنگەیەوە، بۆ ئەوەی باش پرسەکە تاوتوێ بکرێت و بەباشی بناسرێت، تەنها مەرج نییە کە ڕەچەڵەک و سەرەتای شتێک یان ڕووداوێک ڕەچاو بکەین، بەڵکوو پێویستە زۆرتر لە کۆتایی و مەبەستی شتەکەوە بۆ سەرهەڵدانەکەی بڕوانین.

بەپێی ئەم واتایە، ئەتوانین بپرسین فەلسەفە یان بیری فەلسەفی لەبنەڕەتدا "چۆن دەست پێدەکات؟" واتە کات و جوگرافیایەکی دیاریکراو بۆ ئەو دەستپێکردنە مەرجی سەرەکی نییە، بەڵکوو ئەتوانین چەندین شێوازی دەستپێکردن بۆ فەلسەفە دیاریی بکەین.[22] بەنموونە، ئەفلاتوون لە وتوویژی "تێئایتەتۆس"[23]دا، "سەرسوڕمان"[24] وەک دەسپێکی فەلسەفە و "هەستی" فەیلەسووف لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بابەتەکاندا دیاری دەکات: "فەلسەفە بە سەرسوڕمانەوە دەستپێدەکات. ... سەرسوڕمان هەستی[25] فەیلەسووفە" (Plato, 2015: 1677). ئەرەستوویش بە هەمان شێوە "سەرسوڕمان" وەک سەرەتای بیری فەلسەفی دیاری دەکات: "بەهۆی سەرسوڕمان لەمەڕ بوونەوەرەکانەوەیە کە مرۆڤەکان، چ ئێستا و چ ڕابردوو، دەستدەکەن بە تێفکرینی فەلسەفی" (Aristotle, 2016: 5). گۆڤێن دەڵێت ئێمە هەمیشە لامان وایە کە "دەسپێکی فەلسەفە" (و نە "مێژووی فەلسەفە") سەرسوڕمانە، بەڵام بەڕای ئەو "سەرسوڕمان وەک دەسپێکی فەلسەفە بە واتای سەرەتایەک کە تێیدەپەڕینین، نییە" (گۆڤێن، ۱۴۰۲: ٤۱). واتە مەرج نییە دەسپێک تەنها گرێدراو بە کات و شوێنەوە وێنا بکەین کە یەکجار بۆ هەمیشیە ڕووی داوە و تێپەڕیوە، باشتر وایە لە واتای یەکەم و باوی چەمکی دەسپێک تێپەڕین. هەر بۆیە دەڵێت فەلسەفە دەسپێکی "جۆراوجۆری" هەیە کە سەرسوڕمان یەک لەوانەیە (هەمان: ۲-٤۱).

---

21. Arché

۲۲. ئەم شێوە ڕوانینە بۆ پرسی دەسپێک/سەرەتای فەلسەفە، شێوە ڕوانینێکی "تێفکرینەوەییانە"یە (Reflective) وەک ئەو شێوە ڕوانینەی کە هێگل بۆ مێژووی ڕۆح لە کتێبی "دیاردەناسی ڕۆح"دا خستویەتە گەڕ.

23. Theaetetus

24. Thaumazein

25. Feeling

بەڵام جگە لەو دوو واتایە، ئەتوانین دەلالەتێکی‌تریش بۆ تێگەی "دەسپێک" بدۆزینەوە. لەم دەلاقەیەوە، بە وردبوونەوە لە تایبەتمەندییەکانی بەستێن و مێژووی دەسپێکی بابەتەکە، واتە فەلسەفە، ئەو دەسپێکە وەک کۆمەڵێک توانست و ئەگەر چاو لێ بکەین. واتە لێرە بەپێچەوانەی ڕوانگەی یەکەم، کات یان شوێنی دەسپێکردنەکە ئەو جۆرەی کە وەک واقعیەتێکی مێژوویی لە لایەن کەس یان کەسانێک وەک پێشەنگ ڕووی داوە زۆر گرینگ نییە، بەڵکوو زۆرتر خودی ڕووداوی دەسپێکردنەکە گرینگە کە هەڵگری دەلالەت و توانستی بەرجەستەنەکراوە کە بەردەوام ئەبێت بگەڕێنەوە سەری. هەروەها گرینگ نییە دەرەنجام چییە و ئەو ڕەوتە لە درێژەی مێژوودا بە چ ئاقارێکدا ڕۆیشتووە، بەڵکوو بتر هەوڵ بۆ کونجکۆڵی و تێڕامان لەسەر بوون/جیهان دەدەینەوە و بەردەوام لە قۆناغی "دەسپێکردن"داین. بەکورتی، گرینگ ئەو توانست و شەوق و ئەگەرانەیە کە لە کردەوەیەک، ڕوانگەیەک یان هەڵوێستێکدا خۆی حەشار داوە و هێشتا هەموو لایەنەکانی ئەو توانست و ئەگەرانە ئەو جۆرەی کە دەشێت گەشەیان نەکردووە و چالاک نەبوونەتەوە. ئەم تێڕوانینە بۆ تێگەی دەسپێک بەپێچەوانەی ڕوانگەی دووهەم، ئەزموونێکی "ڕاستەوخۆ"یە کە بیرمەند خۆی دەخاتە نێو جەغزی ئەو قۆناغەی کە ئەگەری دەسپێکردن و ڕوودانی ڕووداوێکی تایبەتی تێدایە و لەوانەیە دەرەنجامی جیاوازی لێ کەوێتەوە.[٢٦]

ئێستا پێویستە بپرسین بەپێی ئەو پێناسانەی کە سەجادی بۆ فەلسەفە کردوویەتی، کام یەک لەو سێ واتایانەی بۆ دەسپێکی فەلسەفە باسمان کرد، بەرجەستە کردووە؟ ئەڵبەت هاوکات بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ وڵامی ئەو پرسیارەش ئەدرێتەوە کە فەلسەفە چۆن دەست پێدەکات و ئایا کوردیش ئەتوانێت شێوە دەسپێکێکی تایبەت بەخۆی هەبێت کە بتوانین ناوی "فەلسەفەی کوردی" لێ بنین، ئەو جۆرەی کە سەجادی ناوی هێناوە؟

لێرەدایە کە سەجادی زۆرتر لەوەی کە فەلسەفە وەک ڕەوتێکی مێژوویی کە لە جوگرافیایەکی دیاریکراو و لە ژێر ڕکێفی هەندێک هۆکار و بارودۆخێکی تایبەتدا سەری‌هەڵداوە وێنا بکات، وەک ئەگەرێک وێنای دەکات کە لە هەر بەستێن و لە لای هەر نەتەوەیەک بەشێوازێکی تایبەت توانای سەرهەڵدانی هەیە. واتە، بیری فەلسەفی بەحەتم نەبەسراوەتەوە بە فەرهەنگ و بەستێن و کاتێکی دیاریکراوەوە کە تەنها لەو هەلومەرجەدا ئەگەری ڕوودانی هەبێت (وەک چۆن هەمیشە

٢٦. هایدیگەر گوتەنی، ئەمە هەمان "دەسپێکی تێفکرین"ە لەمەڕ خودی بوون لە "دەرەوەی" بازنەی مێتافیزیک، وەک تەنها ڕەوتێکی فەلسەفی کە لە ڕۆژئاوادا چەسپاوە. واتە ناوبراو بانگەشە بۆ شێوە دەسپێکردنێکی‌تر دەکات جگە لە ڕەوتی باوی مێتافیزیکی ڕۆژئاوایی: "ئێمە ئەتوانین هەنگاوێک بەرەو پاش هەڵبگرین/ بەرەو دەرەوەی فەلسەفە/ بەرەو تێفکرین لەمەڕ *بوون* (Being)/ و ئەمەیش ڕاست ئەو کاتەیە کە لەگەڵ سەرچاوەی تێفکرین ئاشنا بووبێتین" (Heidegger, 1954: 10).

لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ یۆنان وەک نیشتمانی ڕاستەقینەی فەلسەفە دەکرێت)،[۲۷] بەڵکوو لە هەر چرکەساتێک و لە هەر فەرهەنگێک و لای هەر گەلێک بەپێی تێگەیشتنی خۆی لە "جیهان/بوون"، بۆی هەیە کە "دەست پێبکات/ سەرهەڵبدات"؛ واتە ئەکرێت چەند شێوە دەسپێک بۆ فەلسەفە دەستنیشان بکەین کە مەرج نییە هەموویان هەمان ئەو پێوەریان هەبێت کە بۆ مێتافیزیکی ڕۆژئاوایی دیاری کراوە.

بە زمانێکی‌تر، لێرەدا سەجادی فەلسەفە وەک سیستەمێکی گشتی و ڕەوتێکی دیاریکراو و پابەند بە مێژوو و جوگرافیایەکی تایبەتەوە وێنا ناکات، بەڵکوو زۆرتر بیرتیژییەکی کورت بەڵام قووڵ کە بۆنی تێڕوانینێکی فەلسەفی لێوە بێت وەک فەلسەفە وێنای دەکات. بۆیە لای وایە کە لەنێو قسەی نەستەق و پەندی پێشینیاندا ئەتوانین ئەو تێڕوانینە فەلسەفیانەی گەلی کورد بەدی بکەین. هەر بۆیە نابێت ئەوە لەبیر کەین کە وشەی "فەلسەفە" و دەسپێکی بیری فەلسەفی لە لای سەجادی لانی کەم دوو دەلالەتی جیاوازی هەیە کە لە دەقەکەدا هەندێ‌جار بۆ خوێنەر ڕوون نییە کە مەبەستی مامۆستا لەو وشەیە کام یەک لەو دەلالەتانەیە. یەکەم، کاتێک فەلسەفە وەک "بیندرێژیی و ڕۆچوون لە خەیاڵاتی بنەمای شتەکان" پێناسە دەکات، ئەدی سەرهەڵدانی فەلسەفە و بیری فەلسەفی نابەسێتەوە بە جوگرافیا و سەردەمێکی تایبەتەوە. لەم ڕوانگەیەوەیە کە باس لە "فەلسەفەی کوردی" دەکات و هەوڵ دەدات نموونەی ئەو بیرۆکە قووڵە فەلسەفیانە لەنێو قسەی نەستەق و پەندی پێشینیان وەک "یەکێک لە بناغەی بەهێزی ئەدەبیاتی کوردی" بدۆزێتەوە (سەجادی، ۱۹۵۲: ۱۰۹). لە ڕوانگەی سەجادی‌یەوە، سەرچاوەی بیرۆکەیەکی فەلسەفی مەرج نییە لە "شعوورێکی عیلمیەوە" سەری‌هەڵدابێت، مادام کە "قووڵ بێت و خەیاڵاتی بەرز هەڵگرێت" (هەمان: ۱۱۳). هەر بۆیە، بەپێی پێش‌گریمانەکانی سەجادی، لە لایەکەوە ئەگەر پێوەری فەلسەفی‌بوون و بیری فەلسەفی قووڵ‌بوون و هەڵگری خەیاڵاتی بەرز بێت و لە لایەکی‌تریشەوە مەرج نەبێت کە ئەو بیرۆکەیە بەزەرووڕەت لە "شعوورێکی عیلمیەوە" هەڵقوڵابێت، ئەوا کوردیش

۲۷. ئەڵبەت لە سەر ئەوەی کە دەسپێکی ڕاستەقینەی فەلسەفە دەگەڕێننەوە بۆ یۆنان و جەخت لە سەر "ڕەسەنایەتی ڕەها"ی ئەو ڕەوتە دەکەن، کە مۆرکی یۆنانی و ئاوەزمەندیی ڕۆژئاوایی لەسەرە، ئێستا زۆرتر جێگای مشتومڕە. بەنموونە، توێژەرێکی عوروسی باسی "ئەگەری" کارتێکەریی (ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یان دوولایەنە) ئاوەزمەندیی جیاوازی ڕۆژهەڵاتی (بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لە سەر سەرهەڵدانی ڕەوتی هزری فەلسەفی لە یۆنان دەورووژێنێت. پاشان دەڵێت: داتاکان ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکەنەوە کە هەندێک لە ئولگووە فەرهەنگیەکانی نەریتی یۆنانی لە ژێر کاریگەریی دوواوان و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بوون (بڕوانە: ولف، ۱۳۹٤: ۲۳-۱۱).

"ئەمەی [فەلسەفەی] هەبووە"[٢٨] و دەتوانین لەنێو قسەی نەستەق و پەندی پێشینیانماندا بەدوویدا بگەڕێین. واتە، بە وردبوونەوە لەو بیرۆکانەی کە لەنێو پەندی پێشینیاندا خۆیان حەشارداوە، ئەتوانین "فەلسەفەی کوردی" داڕێژین و لایەنەکانی ئاوەزمەندی کوردی پێناسە بکەین.[٢٩] ئەم بۆچوونەی سەجادی لەسەر فەلسەفە و ئەگەری سەرهەڵدانی، زۆر بەرینە و بۆ ئەو ڕەوتە فەلسەفییەی کە لە یۆنان دەرکەوتووە کورت ناکاتەوە.[٣٠] سەجادی بەڕاشکاوی پێوەری بیرۆکەی فەلسەفی بەم جۆرە دیاری دەکات:

> کە عیلمیەت تیا شەرت نەبوو، قسە ساویلکەیەک کە پیاوێکی دەشتەکی لە ڕووی شعوورێکی سادەوە کردوویەتی، ئەگەر لە بارێکی عیلمی‌دا لە بنج و بناوانی قسەکەی بکۆڵیتەوە، تەماشا ئەکەی سەرچاوەکەی ئەچێتەوە سەر فەلسەفە و کەچی کابرا خۆیشی نە زانیویە فەلسەفە بەری بە کوێیەوەیە و نە زانیویەتی عیلم چییە؟ (هەمان: ١١٢).

دووهەم، جگە لەو واتایەی کە سەجادی بۆ دەسپێکی فەلسەفە دیاری دەکات و لەم ڕوانگەیەوە ئاوڕ لە "فەلسەفەی کوردی" دەداتەوە، بە پێی ئاماژەکانی بۆ فەلسەفەی یۆنان بۆچوونی لەمەڕ دەسپێکی فەلسەفە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفە وەک ئەمرێکی واقعی ئەو جۆرەی کە خۆی لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا و لە جوگرافیایەکی تایبەتدا دەرخستوە و گەشەی کردووە. بۆیە لە درێژەی باسەکەی‌دا، بەکورتی دەپەرژێتە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی فەلسەفە لە یۆنان و باس لە چەند فەیلەسووفێکی مەزن دەکات. بەم جۆرە واتایەکی‌تر لە دەسپێک بەپێی واتای یەکەم (واتای باو کە کات و شوێن تێیدا پێوەرە) دەخاتەڕوو.

### ٥- فەلسەفەی یۆنان و پەندی پێشینیان

هەروەک وترا، سەجادی لە دوا بەشی باسەکەی‌دا ئاوڕێک لە چۆنیەتی دەسپێکی فەلسەفەی یۆنان لە "میتۆس/ئوستوورە"ەوە بۆ "لۆگۆس/فەلسەفە" دەداتەوە و بێ ئەوەی باس لە فەیلەسووفانی پێش‌سوقرات یان بۆمیناک سێ قۆناغی مێژوویی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بکات، بەگشتی ئاوڕ لە

---

**٢٨.** بە پێی ئەو تێگەیشتنە لە تێگەی فەلسەفەیە کە دەڵێت: "ئەفکاری کوردی، ئەفکارێکی فەلسەفییە" (سەجادی، ١٩٥٢: ١١٨).

**٢٩.** ئەڵبەت سەجادی لە نێو دەقەکەدا بە پێی ڕوانگەیەکی پێکهاتەخوازانەی لیڤی ستراوسی، هەندێک دوولانەی دژبەیەک دێنێتە کایەوە. وەک: زەین یان شعووری عیلمی/ زەینی ساویلکە؛ دەشتەکی/ شاری؛ خوێندەوار/ نەخوێندەوار و هتد.

**٣٠.** مەسعوود محەمەدیش پێناسەی بۆ تێگەی فەلسەفە بە هەمان شێوە بەرینە کە زۆرتر وەک "جیهانبینی" و شێوە ڕوانینی قووڵ بۆ گەردوون وێنای دەکات. بەنموونە، لە کتێبی "حاجی قادری کۆیی" باس لە "فەلسەفە"ی حاجی قادری کۆیی دەکات (مەسعوود محەمەد، ١٣٩٨: ١٣)؛ یان تەنانەت "بیری نیشتمانی و قەمی و چینایەتی"ش وەک فەلسەفە لەقەڵەم دەدات: "... هەڵبەت یەکێک لەو فەلسەفانەش بیری نیشتمانی و قەومی و چینایەتییە" (هەمان: ٣٣٩).

سێ ڕۆخساری گرینگی فەلسەفەی یۆنان واتە سوقرات، ئەفلاتوون و ئەرەستوو، وەک سێ فەیلەسووفی "داهێنەر" و دامەزرێنەری زانستی فەلسەفە، دەداتەوە.[۳۱] بە پشتبەستن بە هەندێ سەرچاوەی عەرەبی چەند بیرۆکەیەکی فەلسەفی ئەو سێ فەیلەسووفە باس دەکات؛ هەرچەند تاڕادەیەک زۆر پسپۆڕانە نین و کرچوکاڵییان پێوە دیارە، بەڵام لێرە ئێمە زۆر لەسەر ئەم بابەتە پێداگریی ناکەین. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە سەجادی لە دوای ئاوڕێکی خێرا بە سەر چەند بیرۆکەیەکی ئەو سێ فەیلەسووفەدا، نموونەگەلێک لە پەندی پێشینیان دێنێتەوە و لەگەڵ هەندێک لەو بیرۆکە فەلسەفیانەدا بەراوردیان دەکات و دەیهەوێت بە شرۆڤە و لێکدانەوەیان ئەوەمان بۆ بسەلمێنێت کە هەرچەند قسەیەکی نەستەق و پەندێکی پێشینیان لە یەک دوو ڕستەدا کورت کراوەتەوە و بەڕواڵەت سیستەماتیک نییە، بەڵام ئەگەر بچیتە ناخیانەوە و لایەنە شاراوەکانی دەربخەیت، ئەبینیت هەڵگری بیرۆکەیەکی قووڵی فەلسەفین.[۳۲] پێش ئەوەی باس لەو نموونانە بکەین، پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە بۆچوونی سەجادی لەمەڕ ئەدەبی زارەکی بدەینەوە کە قسەی نەستەق و پەندی پێشینیان بەشێکن لەو ئەدەبە.

شاکەلی لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئەو [سەجادی]، ئەدەبی زارەکی بە بەرهەمی بیر و ژیریی و چێژی جوانناسی مرۆڤی کورد دادەنێت و پێی وایە ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی گەلن و دەتوانن هەست و بیر و هۆشی مرۆڤی کورد لە چوارچێوەی ژیانی مادی و فیکریی کۆمەڵدا وێنا بکەن" (سەجادی، ۲۰۱۲: ۲۸-۲۷ پێشەکی). ئەڵبەت ئەو جەختکردنە لەسەر ئەدەبی زارەکی، وەک تەنها سەرچاوەی ئێمە بۆ ئاوڕدانەوە لە مێژووی ڕابردووەی وێژەی گەلەکەمان،

---

**۳۱.** ئەو جۆرەی کە لە دەقەکەدا بۆمان دەردەکەوێت، سەجادی لە هەندێ سەرچاوەی عەرەبی بۆ نووسینی بیرۆکەکانی فەیلەسووفانی یۆنانی کەڵکی وەرگرتووە (هەرچەند بەوردی ئاماژە بۆ سەرچاوەکان ناکات). ئەو نووسەرانەی کە سەجادی کەڵکی لە نووسینەکانیان وەرگرتووە بریتین لە: حەنا خەباز (نووسەر و وەرگێڕی سووریەیی، وەرگێری وتوویژی "کۆمار"ی ئەفلاتوون)؛ زەکی نەجیب مەحموود (نووسەر و وەرگێڕی میسری، وەرگێڕی هەموو ئاسەوارەکانی ئەفلاتوون). گەرچی ناوی "بنیامین گۆڤێت"یش دەبات کە لەوانەیە مەبستی بنیامین جاوێت (Benjamin Jowett) بێت کە هەموو ئاسەوارەکانی ئەفلاتوونی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە (۱۹٤٥). ئەدی ڕوون نییە کە ئایا سەجادی لە ڕووی دەقە عەرەبییەکانەوە ناوی جاوێتی بەر گوێ کەوتووە یان بۆ خۆی لە دەقە ئینگلیسیەکە بۆ نووسینی بابەتەکەی کەڵکی وەرگرتووە.

**۳۲.** ئەم کارەی سەجادی لەم بەشەیشدا بۆچوونەکەی ئەو توێژەرانە پشتڕاست دەکاتەوە کە بەپێچەوانەی هەندێک لەو توێژەرانەی کە کتێبەکەی عەزیز گەردی وەک یەکەم هەنگاو لە "ئەدەبی بەراوردکاریی" کوردیدا ناو دەبەن، کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی" (بەتایبەت بەشی کۆتایی لە ژێر ناونیشانی "ئەدەبی عالەم") وەک پێشەنگ لەم بوارەدا دەزانن. بەنموونە، مەلایی بەپێی پێوەرەکانی "قوتابخانەی بەراوردکاریی ئەمریکی"، سەجادی وەک یەکەم کەس و "پێشەنگ" لە بواری "ئەدەبی بەراوردکاریی" ناو دەبات کە "بە هەڵکەوت" هەوڵەکانی "هەرچەند سادە و ساکار" لەم بوارەدا ڕێک لەگەڵ بنەما هزرییەکانی ئەو قوتابخانەیەدا دێنەوە و لایشی وایە کە سەجادی لە زمانی کوردیدا یەکەم کەس بووە کە زاراوەی "بەراورد"ی لە بەرانبەر چەمکی comparative داناوە (مەلایی، ١٤٠٠: ٦١-١٥٧).

لایەنی‌تر هەیە کە بەستراوەتەوە بە چارەنووسی سیاسی کورد لە مێژووی خۆی‌دا. سەجادی لە کتێبی "دەقەکانی ئەدەبی کوردی"دا کە باسی مێژووی هۆنراوە و پەخشانی کوردی لە "گێجی" پێش و پاش ئیسلام دەکات، بەدرووستی جەخت لەسەر هۆکارێک دەکات کە بووە بە ڕێگر بۆ زمانی کوردی و وەک زمانی گەلانی‌تر ئەو هەلەی بۆ ئەم زمانە نەڕەخساندووە کە ببێت بە زمانی نڤیساریی و فەرمی داموودەزگا حکوومییەکان؛ هەر بۆیە زۆرتر وەک زمانی زارەکی ڕۆڵی گێڕاوە و بتر لە چوارچێوەی پەند، مەتەڵ، قسەی نەستەق، بەیت، حەیران و هتد خۆی دەرخستووە و هەر ئەوانەیش بوون بە ڕەمزی مانەوەی ئەو زمانە. ئەو لەمپەڕەیش "بێکیانی" و "نەبوونی سەربەستی" سیاسی کورد بووە (سەجادی، ١٣٩٣: ٧٩؛ ٥٥-١٤٩). ئەمە ئەڵبەت ئەوە ناگەیەنێت کە کورد وەک نەتەوەیەک تەریک ماوەتەوە و لەنێو ڕەوتی هاوبەشی بیر و هزری سەردەمەکاندا هیچ ڕۆڵێکی نەگێڕاوە، بەڵام ئەوەیش هەر بۆ ئەو کەمایەسیەی دەگەڕێتەوە کە ئاماژەمان پێدا. بۆیە سەجادی وەک هەر تاکێکی دڵسۆزی کورد کە ئاوڕ لە مێژووی گەلەکەی دەداتەوە، بە داخ و کەسەرێکی قووڵەوە دەڵێت:

> من داخێکم لە دڵا بووە، و لام وایە تا سەر ئەنێمەوە لە دڵما هەر ئەمێنیٚ. گومان لەوەدا نییە، وەکوو زۆر کەسی‌تریش ئەو گومانەی هەر نییە، کە عالم و ئەدیب و زانا و فەیلەسووفێکی زۆر لە ناو کورددا هەڵکەوتووە، بەڵام هەروا بە بیٚ ناونیشان سەریان ناوەتەوە (هەمان: ٧٩).[٣٣]

سەجادی لەم ڕوانگە نەتەوایەتییەوەیە کە زۆر گرینگی بە ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری کورد دەدات بۆ ئەوەی سەرەتا ئەو سامانە مسۆگەر بکات و پاشان بە پشتبەستن بەو سامانەوە هزر و ئاوەزمەندیی کوردی بخوێنێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە مەسعوود محەمەد بەپێچەوانە و لە ڕوانگەیەکی نیمچە مارکسیستییەوە ئاستی فۆلکلۆری کورد لەهەنبەر فەلسەفە، مەنتق، فەلەکیات و زانستی ئایینی مزگەوتەکان "یەکجار سەرەتایی و هەژار" دەزانێت (مەسعوود محەمەد، ١٣٩٨: ١٥٣) و لای وایە ژیانی "عەقڵی و مەعنەوی" کورد نە لە واقیعی ماددی خۆی هەڵقوڵیوە و نە وەک ئەویش "هەژار" بووە. بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێت هەموو ئەو زانستانە "لە سەرچاوەی کورد و کوردستانەوە هەڵنەقوڵیەوە" و هاوردە کراوە، چوونکە "هیچیان ئاوێنەی ژیانی ماددی و ئابووری کورد نین و هەموویان دەرەکین" (مەسعوود محەمەد، ١٣٩٦: ١-١٦٠). بەڵام سەجادی بۆچوونی

---

**٣٣.** ئەڵبەت لە کۆتایی بەشی "کورد و فەلسەفە"ی کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی" ئاماژە بۆ چەند ڕوخسارێکی کورد وەک "فەیلەسووف" دەکات کە بەداخەوە یان ئەوەی نووسراوەیەکیان لیٚ نەماوەتەوە یان ئەو دەقانەیشیان لیٚ بەجیٚماوە بە زمانی کوردی نین. بەنموونە: ئەبوو حەنیفەی دینەوەری، حەسەنی کوڕی نەجای؟ فەیلەسووف، مەحیەدین خەلاتی، ئەحمەد کوڕی حەیدەر، ڕەسووڵ زەکی، عەلی کوڕی زەکی، شێخ عەبدولقادری موهاجر، مەلاشەریف کوڕی مەولانا یووسف، مەلاعەبدوڕەحمان ڕۆژبەیانی و هتد.

جیاوازی لەمبارەیەوە هەیە. بۆیە ئەو توانستە لەنێو پەندی پێشینیاندا دەبینێت کە تەنانەت لەگەڵ قووڵترین زانست، واتە فەلسەفە، بەراوردیان دەکات. بۆ سەلماندنی ئەو هەڵوێستە، چەند پەند وەک نموونە دێنێتەوە و لەگەڵ هەندێک لە بیرۆکە گرینگەکانی سوقرات، ئەفلاتوون و ئەرەستوودا هەڵیاندەسەنگێنێت و بەراوردیان دەکات. گریمانەیشی ئەوەیە کە پەند یان قسەیەکی نەستەقی هەڵقوڵاوی "ژیانی عەقڵی و مەعنەوی" (مەسعوود محەمەد گوتەنی) زەینێکی "ساویلکە"، "دەشتەکی" و "نەخوێندەوار" لەگەڵ بیرۆکەیەکی فەلسەفی فەیلەسووفێکی هەڵکەوتە، پسپۆڕ و خوێندەوار بەرانبەریی دەکات و ئێمە ئەبێت هەوڵ بدەین بە شیکردنەوەی ئەو پەند و قسە نەستەقانە بیرۆکە فەلسەفییەکەی دەربخەین.

لێرەدا بەهۆی کەمبوونی دەرەتان ناگونجێت کە هەموو نموونە بەراوردکراوەکان یەکبەیەک بخەینە بەرباس، بەڵکوو وەک نموونە تەنها ئاماژە بۆ یەکێکیان دەکەین. سەجادی لە یەکێک لە نموونەکاندا ئاماژە بۆ ئەو پەندە باو و لەمێژینەی کوردەواری دەکات کە دەڵێت: "گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە." واتای بنەڕەتیی ئەم وتەیە ئەوەیە کە هەموو شت لە ئاکامدا ئەچێتەوە سەر ڕەگەز و ماکی سەرەکی خۆی. بەڕای سەجادی، ئەتوانین ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ *بیردۆزی ئایدیاکانی* ئەفلاتوون بەراورد بکەین کە دەڵێت: "عالەمی عەقڵی[٣٤] هەیە و شت لەسەر نموونەی ئەو درووست ئەبێتەوە" (سەجادی، ۱۹۵۲: ۱۱۷). پاشان دەرەنجامی ئەو دوو بۆچوونە لەم بیردۆزیەدا کۆ دەکاتەوە کە "مادە، کۆنە[٣٥]." جیا لەوەی کە تیۆری ئایدیاکانی ئەفلاتوون لەگەڵ بیردۆزی لەمێژینەبوونی مادە تاڕادەیەک دوو شتی جیاوازن (گەرچی پێشگریمانەی ئەو تیۆرییە کۆنبوونی مادەیە)، ئەوەیش شیاوی ئاماژەیە کە ئەفلاتوون لەڕووی بوونناسی، ماریفەتناسی و بەهاناسییەوە سیستەمێکی داڕشتووە کە هەر یەک لەو بیرۆکە و بیردۆزیانە لە خزمەت بەشێک لەو سیستەمە فەلسەفیە دان و هەموو ئەم لایەنانە پێکەوە گرێدراون و ناکرێت بەساکاریی ئەو بەستێنانە لەبیر بکرێن و هەمووی لە ڕستەیەکدا کۆ بکرێنەوە. بەڵام لەوانەیە سەجادی پێشگریمانەی ئەوە بوویێت کە ئەو پەندە کوردیەش کە لە یەک ڕستەدا خۆی دەرخستووە، بۆخۆی بەرهەمی سیستەمێکی مەعریفی و

**٣٤.** واتە "جیهانی ئایدیاکان (عالەمی مۆسۆل)"

**٣٥.** کۆن یان لەمێژینەبوونی مادە، واتە مادە دەر لە بازنەی کاتە. ئەڵبەت ئەم بیرۆکە فەلسەفییە لە یۆناندا مشتومڕی ئەوتۆی لەسەر نەبوو، چوونکە فەلسەفەی یۆنانی خودای وەک "هۆکاری بکەر/ داهێنەر" وێنا نەدەکرد، بۆیە بیردۆزی کۆنبوونی مادە لەگەڵ ئەو خوداناسیەدا دەهاتەوە. بەڵام ئەو بیرۆکەیە کە هاتە جیهانی ئیسلام لەگەڵ ئەو بانگەشەیە کە خودا داهێنەرە و هەموو شتی، لەوانە مادە، لە هیچەوە خولقاندوە (واتە مادە خولقێندراوە و کۆن نییە) لە لای فەیلەسووفان و موتەکەلمانی موسڵمان مشتومڕی زۆری نایەوە. ئەوەی کە سەجادی، وەک مامۆستایەکی ئایینی، ئاوا بەسانایی و بێ گرێ ئەو بیرۆکەیە یۆنانییە پەسەند دەکات و لەڕێگای پەندی پێشینیانیشەوە هەوڵ بۆ چەسپاندنی دەدات، جێگای سەرنج و سەرسوڕمانە.

بوونناسانەیە لە فەرهەنگی کورەدواری‌دا کە بەهۆی ئەو ئاستەنگەی کە پێشتر باسمان کرد، لە ڕێگای نووسینەوەوە مسۆگەر نەکراوە و بەهۆی سوانی میژووییەوە هەر ناوەڕۆکە سەرەکیەکەی لەسەر زاران ماوەتەوە. بۆیە بێ گرێ و پێچاندن دەڵێت: "قسە هەر قسەیەک بێت، فەلسەفەی ئەم کوردە دەشتەکیە لەم مەسەلەیەدا شان ئەدا لە شانی فەلسەفەی یۆنان" (هەمان: ١١٧). واتە ئەو پەند و قسە نەستەقە گەرچی بەڕواڵەت تەنها یەک ڕستەیە و زۆر کورتە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەڵگەری بیرۆکەیەکی قووڵی فەلسەفییە، وەک بڵێی بەردێکە کە لە دیوارێک کەوتوەتە خوارێ و ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە ئەو دیوارە، کە وەک سیستەم و بەستێنێکە بۆ ئەو ڕستەیە، بدۆزینەوە و بەردەکە بنێینەوە سەر جێگای خۆی تا کاردکرد و واتاکەی باشتر دەرکەوێت.

ئەوەیش شیاوی ئاماژەیە کە سەجادی کەمێک پێش ئەو بۆچوونەی سەرەوە، هەندێک بە دوودڵییەوە باسی ئەو بەراوردکارییە دەکات و بتر دەیهەوێت باس لە توانست و ئەگەرەکانی کۆمەڵگا و بەستێنی جوگرافیا و فەرهەنگی کوردستان بۆ پەروەردەکردنی بیری فەلسەفی بکات؛ واتە زۆرتر لەسەر توانستەکان جەخت دەکات و تەنانەت ئەگەر ئەو بیرە هەر "بۆنی فەلسەفەیشی لێوە بێت" قەناعەت دەکات و ئەگەریش ئەو بۆنەی لێوە بێت بەڵام کەسەکە بۆ خۆیشی "لێیشی تێنەگات" هەر کێشە نییە:

> ئێستە من یا ئێمە ئەوە ناڵێین کە کابرایەکی کوردی دەشتەکی نەخوێندەوار بەربەرەکانێی یەکێکی وەکو سوقرات یا ئەرەستووی کردووە لە فیکر و باوەڕدا، چوونکە ئەو کابرایە نە ناوی ئەرەستووی بیستوە و نە زانیویەتی عیلم چییە، بەتایبەتی عیلمی فەلسەفە، بەڵام ئەتوانین ئەوە بڵێین کە ناوچەی کوردەواری خاک و ئاوەکەی لەوانەبووە پیاوی وا پێ بگەیەنێ کە قسەکانی- ئەو قسە ساویلکانە کە ئەیکا- بۆنی فەلسەفەی لێوە بێت با خۆیشی هیچی لێ تێنەگات (سەجادی، ١٩٥٢: ١١٦).

ئەگەر لەسەر ئەو بۆچوونەی سەجادی دەرهەق بە پەندی پێشینیان زۆر مشتومڕ نەکەین و لەگەڵی هاوڕا بین، ئەوا ئەو پرسە دەبێت بورووژێنین کە ئایا لەبنەڕەتدا فەلسەفە بەرهەمی گوند و سروشتە (زەینی نەخوێندەوار و دەشتەکی) یان بەرهەمی شار (زەینی خوێندەوار و شاری)؟ یەکەم ئاماژە بۆ ئەم باسە لە وتووێژی "فایدرۆس"ی ئەفلاتووندا هاتووە کە ناوبراو لە زاری سوقراتەوە بەڕاشکاوی دەڵێت: فەلسەفە بەرهەمی شارە و لەنێو سروشت و لە دەرەوەی "دەروازەکانی شار" تێفکرینی فەلسەفی بەرهەم نایەت، چوونکە پرس و بابەتی سەرەکی فەلسەفە، مرۆڤە و مرۆڤیش وەک تاک لەنێو کۆمەڵگادا دەردەکەوێت.[٣٦] لە سەرەتای ئەو وتووێژەدا، فایدرۆس پێشنیار دەکات بە سوقرات کە بۆ باس لەسەر "ئەوین" بچن لە ژێر سێبەری کۆمەڵێک چنار لە دەرەوەی شار

٣٦. بەپێی ئەو بیرۆکەیەی ئەرەستوو لە سەرەتای کتێبی "سیاسەت"دا کە دەڵێت: مرۆڤ "ئاژەڵێکی سیاسی/ کۆمەڵایەتی"یە (Aristotle,2001: 1331).

وتوویژ بکەن. پاشان دەبینێت کە سوقرات بە نابەدڵی ئەو پێشنیارە پەسەند دەکات، بەتوانجەوە بە سوقرات دەڵێت: تۆ کاتێک لە دەرەوەی شاریت وەک لاوەکی و بێگانەیەک دەردەکەویت کە پێویستی بە ڕێنوێنێکە تا ڕێنوێنیی بکات و تۆ قەد ورەی ئەوەت نییە کە لە "دەروازەکانی شار" بچیتە دەرەوە. سوقرات لە وڵامی ئەو تەشەرەدا دەڵێت: "من تامەزرۆ و ئەویندارى زانیارییم و ئەو کەسانەی لە شار دەژین مامۆستای منن نەوەک دارەکان و گوندەکان" (Plato, 2015: 1425).

ئێستە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، قسەی نەستەق و پەندی پێشینیان کە سەجادی وەک بەستێنێک بۆ ساغکردنەوەی "فەلسەفەی کوردی" ڕەچاوی دەکات، بەداخەوە کات و شوێن (بەتایبەت شار و بەستێنی سیاسی- کۆمەڵایەتی) تێیدا ونە. بۆیە تەنها "بۆنی" فەلسەفەی لێوە دێت و زۆرتر لەوەی کە وەک سیستەمێکی گشتی لە ڕووی بوونناسانە، مەعریفی و بەهانەسانەوە بێت، بیرۆکەگەلێکی پەرتەوازەن کە دەرخەری پەرتەوازەیی ڕۆحی نەتەوەیی کوردن لە ڕەوتی مێژوودا. هەروەها، ئەو پەندەی کە لە سەرەوە سەجادی وەک نموونەی بیرۆکەیەکی فەلسەفی هێناویەتەوە، بتر دەرخەری ئاوێتەبوونە لەگەڵ سروشت و کەمتر گوزارشت لە بوونی مرۆڤ لەنێو بەستێنی سیاسی- کۆمەڵایەتی دەکات. واتە لێرە بەجێگەی ئەوەی کە مرۆڤ ئەساس بێت و سروشتیش بەپێی داخوازییەکانی مرۆڤ شرۆڤە بکرێت، بەپێچەوانە سروشت (گیا) دەکرێت بە پێوەر و هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەو دەشوبهێندرێت و لەڕێگای کردەوەی سروشتەوە شرۆڤە دەکرێت.[۳۷]

## ٦- دەرەنجام

بەپێی ئەو لێکدانەوانەی کە لە بەشە جیاجیاکانی وتارەکەدا لەمەڕ بەشی "کورد و فەلسەفە"ی کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی" هاتنە ئاراوە، بەگشتی چەند دەرەنجامێکی گشتی و تایبەتیمان بۆ دەرکەوت. بە وردبوونەوە لەو بەستێن و هۆکارانەی کە سەجادی وەک تاکێکی بەئاگاهاتوو هان داوە کە مێژووی کورد بەگشتی و مێژووی ئەدەبی کورد بەتایبەت لە ڕێگای نووسینەوە مسۆگەر بکات، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو چەشنە هەڵوێستەی ناوبراو وەک "پەرچەکردارێک" خۆی دەنوێنێت (کە لە بوارەکانی‌تردا و لە لایەن کەسانی‌ترەوە دووپات کراوەتەوە) کە دەرەنجامی ڕووبەڕووبوونەویەتی لەگەڵ ڕەوتی نەتەوایەتی (ناسیۆنالیسم) لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. بۆیە سەجادی هەموو هەوڵی خۆی خستوەتە گەڕ بۆ ئەوەی نە تەنیا ئەدەب و وێژە، بەڵکوو تەنانەت فەلسەفەیش لە ڕوانگەیەکی نەتەوایەتی و نیشتمانی‌یەوە ببینێت و بە گەڕان لەنێو ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری

۳۷. لێرەدا بەهۆی کەمدەرەتانییەوە ئاوڕم لە هەندێ لایەنی بابەتەکەی سەجادی نەداوەتەوە. بەنموونە، زاراوە گرینگە فەلسەفییەکان زۆرینەیان هەر بە عەرەبی هاتوون کە سەجادی هەوڵی نەداوە بیانکوردێنێت.

کورددا، وەک بەستێنی ئاوەزمەندیی کورد، نموونەگەلێک بۆ سەلماندنی "فەلسەفەی کوردی" (بەو واتایەی کە ئەو لەم دەستەواژەیە مەبەستیەتی) دەستەبەر بکات. بۆ ئەم مەبەستە، فەلسەفە و تێفکرینی فەلسەفی بە چەشنێکی زۆر بەرین پێناسە دەکات کە بتوانێت لەگەڵ ئەدەب و باقی بوارەکانی‌تردا گرێی بداتەوە و بوونی ئەو بیرۆکە فەلسەفیانە لەنێو فەرهەنگی کوردیشدا بسەلمێنێت و نیشانی بدات. لە ڕاستای ئەم ڕوانگەیەیدا دوو واتا بۆ چەمکی "دەسپێک"ی فەلسەفە دەخاتە ڕوو کە جیا لە بۆچوونی باو کە کات و شوێن دەکات بە مەرج بۆ تێگەیشتن لە تێگەی "دەسپێک"، ئەو چەمکە وەک هەنگاوێکی لێوانلێو لە ئەگەر و توانست وێنا دەکات کە لە هەر جوگرافیا و کات و ساتێک‌دا و لە کن هەر نەتەوەیەک بەپێی تێگەیشتنی لە گەردوون بۆی هەیە کە ڕوو بدات. لەم سۆنگەیەوەیە کە سەجادی باس لە ئەگەری "فەلسەفەی کوردی" دەکات کە "هەرچەند بەخێو نەکراوە"، بەڵام ئاوەزمەندیی نەتەوەی کورد هەڵگری ئەو توانستەیە.

بەگشتی، ئاوڕێکی خێرا لەسەر بەشی "کورد و فەلسەفە" ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەرچەند بەپێی پێوەرەکانی نووسینی ئاکادمیک هەندێک کرچ‌وکاڵیی پێوە دیارە، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەجادی هەم لە ڕوانگەی ئەدەبەوە بۆ بواری فەلسەفە دەڕوانێت و هەمیش بۆخۆیان فەلسەفەیان نەخوێندووە، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی نەتەوایەتی و نیشتمانی‌یەوە چاو لە دەقەکە بکەین، گرینگی بابەتەکە خۆی دەردەخات. ئەو پرسیارەیش وەک پرسیارێکی سەرەکی لەمەڕ خودی فەلسەفە دەورووژێنێت کە ئایا بە تەنها "شار" (واتە ئەزموونی سیاسی-کۆمەڵایەتی مرۆڤی خوێندەوار) ئەتوانێت بیری فەلسەفی بەرهەم بهێنێت یان "شاخ" (ئەزموونی مرۆڤی نەخوێندەواری چیا و گوند)یش ئەو تواناییەی هەیە؟

## سەرچاوەکان

### ئەلف. کوردی


خەلیقی، حسەین (١٣٦٨). *فەلسەفە و کۆمەڵ*. بەغداد: الشرکە العراقیە لطباعە.

سەجادی، عەلائەدین (١٩٥٢). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. چاپی یەکەم، بەغداد: مەعاریف.

سەجادی، عەلائەدین (٢٠٠٠). *گێتی زیندەوەر*، چاپی یەکەم، هەولێر: ئاراس.

سەجادی، عەلائەدین (٢٠١٢)، *هەمیشە بەهار* [پێشەکی فەرهاد شاکەلی]، چاپی دووەم، هەولێر: ئاراس.

سەجادی، عەلائەدین (١٣٩٣). *دەقەکانی ئەدەبی کوردی*، چاپی یەکەم، سنە: کوردستان.

محەمەد، مەسعوود (١٣٩٦). *مرۆڤ و دەروبەر*، چاپی یەکەم، کەرەج: مانگ.

محەمەد، مەسعوود (١٣٩٨). **حاجی *قادری کۆیی*، چاپی یەکەم، کەرەج: مانگ.**
مەلایی، ناسێح (١٤٠٠). ″لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە ئەدەبی کوردیی ناوەندیدا: سەرنجدانێک بە ڕۆڵ و پێگەی عەلائەدین سەجادی". *پژوهشنامه ادبیات کردی*، ش. ١١، لل. ١٦٤-١٥١.
نالی (١٤٠٠). *دیوان*، ساخکردنەوە مەلاعەبدولکەریم مودەڕیس و فاتێح عەبدولکەریم، چاپی یازدەهەم، سنە: کوردستان.

**ب. فارسی**

فریت، گوون (۱۴۰۲). *جنون و مرگ در فلسفه*، ترجمهٔ عبدالله امینی، چاپ دوم، تهران: دنیای اقتصاد.

نیچه، و. فردریش (۱۳۸۷). *غروب بت‌ها: فلسفیدن با پُتک*، ترجمهٔ داریوش آشوری، چاپ پنجم، تهران: آگه.

هایدگر، مارتین (۱۹۴۶). «چراشاعران؟» در: *شعر، زبان و اندیشهٔ رهایی* (۱۳۸۹)، ترجمهٔ عباس منوچهری، چاپ دوم، تهران: مولی، ۲۵۳–۱۷۸.

هایدگر، مارتین (۱۹۵۴). «انسان شاعرانه سکنی می‌کند» در: *شعر، زبان و اندیشهٔ رهایی* (۱۳۸۹)، ترجمهٔ عباس منوچهری، چاپ دوم، تهران: مولی، ۷۴–۵۳.

هگل، گ. و. فردریش (۱۳۹۴). *عقل در تاریخ*، ترجمهٔ حمید عنایت، چاپ چهارم، تهران: شفیعی.

ولف، م. لایونا (۱۳۹۴). *فلسفهٔ یونانی متقدم و ایران باستان*، ترجمهٔ سیاوش فراهانی، چاپ اول، تهران: حکمت.

ولی، عباس، حمید بزارسلان، مارتین بروئینسن و امیر حسن‌پور (۱۳۹۸). *گفتارهایی در خاستگاه ناسیونالیسم کُرد*، ترجمهٔ مراد روحی، چاپ اول، تهران: چشمه.

**ج. انگلیسی**

Aristotle (2001). *The Basic Works of Aristotle* (*Politics*). Edited by Richard McKeon, New York: The Modern Library.
Aristotle (2016). *Metaphysics*. Translated with introduction and notes by C. C. Reeve, United State: Hackett Publishing Company.
Destrée, Pierre and Frits-Gregor Herrmann [Editors] (2011). *Plato and the Poets*, Boston: Brill NV.

Hans-Georg, Gadamer (1980). "Plato and the Poets" in: *Dialogue and Dialectic: Eight Hermeneutical Studies on Plato*. Translated and with an introduction by Christopher Smith, Yale University Press, 29-72.

Hans-Georg, Gadamer (2001). *The Beginning of Philosophy*. Translated by Rood Coltman, New York: Continuum.

Heidegger, Martin (1954). "The thinker As Poet". In: *Poetry, Language, Thought* (2001), Translated and Introduction by Albert Hofstadter, New York: Pernnial, 3-14.

Plato (2015). *The Complete Works of Plato*, Translated by Benjamin Jowett, UK: Delphi Classics, Version 2.